# چاو پیکەوتنی سایتی سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان لە گەل سروە شریف دایکی لاڤە جمال

پرسیاری 1 :

تۆ وەك و دایکی لاڤە کە بە کارەساتیکی دل تەزین کۆتایی بە ژیانی هاتووە،هەست و شعورت چۆنە؟

وەلام:

کارەساتەکە هیندە دل تەزین و بەسوێ یە، هەست و شعوری وەستاندووم.چونکە بێ وینەیە وهیچ مرۆڤیکی بە ویژدان کاری وا ئە نجام نادات،تەسەوور کەن من بچوکترین و خۆشەویست ترین جگەر گۆشەم لە باوەش رفینرا و بە خنکینراوی دوای 21 رۆژبە لاشەی کرماوییەوە دۆزیمەوە و هاتەوە بەر چاوم!!

ئاخۆ ئەو منالە پیش خنکاندنی چەند دلۆپ فرمیسکی بی گەردی بە چاوە جوانەکانیدا هاتبیتە خوارەوە.؟؟!!ئایا ئەو فرمیسکانە چۆن ویژدانی ئەو تاوانبارەی نەهەژاند وبە ئاگای نەهینایەوە؟؟!!

پرسیاری 2:

ئایا هیچ کیشەیەك هەبووە پیشتر لە نیوان ئیوە و ئەو ژنەدا؟

وەلام:

نەخیر هیچ کیشەیەك لە نیوا نماندا نەبووە ودراوسیکانیشمان ئاگادارن ،وە بە پیچەوانەوە ئیمە هاوکاریشمان کردوون لە رابردوودا.

پرسیاری 3:

هەلویستی حکومەت چی بووە لە بەرامبەر ئەم رووداوەدا؟

وەلام:

تاکو ئیستا دەزگای ئاسایشی سلیمانی بە راستی رۆلیکی گەورە وماندوو بوونیکی زۆریان دیوە ،تا تاوانەکە ئاشکرا بوو.ئیمە زۆر سوپاسیان دەکەین و هەروەها سوپاسی زۆری هەموو ئەو کەسانەش دەکەین کە بوونە مایەی دۆزینەوەی ئەو تاوانە و لەو خەم و کۆستە گەورەیە لە گەلمان بەشدار بوون.

داوا لە هەموو هاولاتیان دەکەین کە لە کاتی روودانی ئەم جۆرە تاوانانەدا ، زیاتر هاوکاریئاسایش بکەن ، تاکو ئاسایشی شارەکەمان لی تیك نەچیت وهەموومان بە ئاسوودەیی بژین.

پرسیاری 4:

هەلویستی حیزب و ریکخراوەکان چی بووە لە بەرامبەر ئەم رووداوەدا؟

وەلام:

هەندیکیان بەشداری پرسەیان کردووەوهەندیکیان بە پرسە نامە بە سەریان کردووینەتەوەو هەندیکیان نوینەریان ناردووە ، بە تایبەت هیرۆ خان.

وە زۆر سوپاسی هەموو لایەك دەکەین و بە تایبەت سوپاسی سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالانی کوردستان دەکەین کە ئەم ماوەیە لە گەلمان بوون وهاوکاری زۆریان کردووین.

پرسیاری 5:

ئیوە وەك و کەس و کاری ئەو منالە ،ئایا بە نیازن لە بەرامبەر ئەم تاوانە گەورەیەدا هیچ هەلویستك لە خۆتان نیشان بدەن ،وە دواکاریتان چی یە؟

وەلام:

له بەرامبەر ئەم ڕووداوەدا بە نیاز بووین کە ڕێ پیوانیك ئەنجام بدەین ، بەلام دوای ئەوەی کە ئیمە و نوینەری سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان سەردانی لایەنە بەر پرسەکانمان کرد ، ووتیان کە لە بەر مەترسی دروست بوونی ئاژاوە و ئاژاوەگیری ، هەموو جۆرە ڕێ پیوانیکمان قەدەغە کردووە ،بەلام ئیمە وەك کەس و کاری لاڤە ، بە هاوکاری سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان بە نیازین لە ڕۆژی 15-5-2006 لە هۆلی سەنتەری چالاکی گەنجان ، مەراسیمی چلەی بۆ ساز بدەین.

تاکو بکوژی لاڤە لە شوینی تەرمی لاڤە سزای ڕەوای خۆی وەر بگریت .

بۆیە لیرەدا داوا لە سەرجەم حیزب و ریکخراوە بیانی و ناوخۆییی یەکان و هەڤالانی بەریز مام جەلال و کاك مسعود وحکومەتی هەریم دەکەین کە بۆ ئەم مەبەستە پشتگیری و هاوکاریمان بکەن. تا جگەر گۆشەی کەسی تر بەو شیوە نامرۆڤانەیە نەکوژریت وئاسایشی شارەکەمان لی تیك نەچیت ، وە لە ڕاستیدا ئەم کارەساتە تەئسیری خۆی کردۆتە سەر منالانی شارەکەمان.

وە لە کۆتاییدا زۆر سوپاستان دەکەم بۆ ئەم چاوپیکەوتنە.

سازدانی کامەران لەتیف و ئازاد ئەحمەد/ بەرپرسانی سنتەری منالآن
santarimnalan@santarimnalan.com, www.santarimnalan.com